

# ئاوابوونی عیشق بە شوێن مەرگەکانی سەفەردا

**ئەحمەد عەلی**
نۆڤەمبەری2002
**Ahmadali525@hotmail.com**

لەنێوان ئێمەدا عیشق وەسیەتوو دواهەناسەی
ئومێدی قەیرەکچێک بوو دۆستم
ڕۆژگارێکە.. نە هەناسەیە؛ نە ڕەنگێ؛ نە من نەتۆ
وەنەتێپەڕینێکی خێرای شەقامێک سۆراخی نازانێ
سوێند بە میهرەبانیت هاوڕێم عیشق مرد
مرد وەک ؛هەر موسافیرێک خەبەرێک لە گەڕانەوەی گرنگ نەبێ
وەک هەرشتێ جێگەیەکی لەو فەزایە نەگرتبێ
وەک ئەو نەخشانەی دامانڕشتوو ئەو وەعدانەی بەیەکماندا ***

ئیتر ئەم سروودانە خوێنی ئەم بەستەڵەکەبەجۆش ناخا
ئیتر ئەم شیعرانە توانای گێڕانەوەی ئەم چیرۆکەیان نیە
ئەم هەنیسکە نامانباتەوە بەر دەرگای
ئەو گوناهەی تەمەنی بە خەسار بردین
عیشق مرررررررد هاوڕێ عیشق مرد ؛؛
عیشق ئەو دەمارەی خوێنی ئێمەی تێکەڵدەکردوو
ئەوگڕەی ئێمەی لە یەکدا دەتوانەوە
حیکایەتێک بوو تێپەڕی بڕوانە ئەو مەسافە بێکۆتاییەی نێوان ئیحساسمان
ئەم لێکدابڕانە سەر سپیەی بەینیتۆو شەپۆلوو منو توانەوە
با لە عەهدەکانمان نەترسین
وەڕەس بووین ئیترئاشناکەم لەم ڕۆتینەی
کە حەرفێ؛قسەیەک؛ سۆزێک بۆ ووتن نەمایەوە ***

من سەردەمێکە هاوسەفەری ئەم نهێنیەم تا لەوشکوکە یەقین بم
ساڵەهایە لەودیو قەتیسمانی ئەشکی ئەم فیراقەوە
پرسیارێک بۆ وڵام داماوەو
وڵامێک نائومێدوو مەحزوون خەبەری ئەم لەتلەتبوونەی لێمان دەشاردەوە
کە دەکرا هەر لە ئەوەڵێن هەنگاوی ئەم سەفەرەوە
لەم بێ دەنگیە حاڵی بین
بۆ نەدەکرا بە دیار ئەم وەهمەوەپیر نەبین ؟؟؟
جەخار عیشق مرد هاوڕێ گیان
لێم گەڕێو پیاسەی شارێکم پێ مەکە
بۆنی بارانی تەشرینیم بیر چۆتەوە
ئاسەواری ماچەکانی
کاڵتر لە ئیشتیاقی ئێستامان بۆ یەکتر
سوێند بە بەریئیت عیشق مرد
مردوو لو تاو موزەیەفی زەمەندا
لەتاوسکوتی عاتیفە
عیشق فیراق کوشتی هاوڕێ
ئێستاش وەختە بۆ ئاخرین قسەکانی دڵمان
ماڵــــئـــــاوا عیشق تـــا ئەبـــەد
ماڵــــــئـــــــــاوا
هاورێ ماڵــــــئـــــــــاوا ❋